# ئاڵای کوردستان#

باڵت لێکدە وهەر بشنێوە

ئاڵای پیرۆز، سۆمای چاومان،

ئەی درەختی بەژنسۆری

بە ڕووباری خوێن پاراومان!

تۆ بەری دەستی زەردەشتی#

پەلکەزێڕینەی بەهەشتی

***

کۆیلەییمان گەلێک دیوە،

بۆیێ تومان هەر لە بیرە.

هەڵکردنت هەڵبڕینی

قەفی تەناف و زنجیرە.

تۆ بەری دەستی زەردەشتی

پەلکەزێڕینەی بەهەشتی

***

تۆی تۆماری ڕابردوومان،

تیشک و پرشەی ئاوێستامان.

تۆی ڕێنمای داهاتوومان،

جۆش و تەکانی ئێستامان.

تۆ بەری دەستی زەردەشتی

پەلکەزێڕینەی بەهەشتی

***

شنەشن و لەرینەوەت

خورپەی دڵی کوردستانە.

جێی هەر قامکێک لە تانوپۆت

مەکۆی گیانی شەهیدانە.

تۆ بەری دەستی زەردەشتی

پەلکەزێرینەی بەهەشتی

***

تۆی ملیۆنان دڵۆپە ئاو
دەکەیتە یەک چەمی بەخوڕ.
تۆی ملیۆنان مەچەکی خاو
تژی دەکەی لە هێز و گوڕ.

تۆ بەری دەستی زەردەشتی
پەلکەزێرینەی بەهەشتی

***

ڕۆژانی جەنگ تۆ پێشەنگی.
لە ئاشتیدا هێمای دادی.
لە نسکۆدا شنەی هیوا و
ژیانەوەی شکۆی مادی...

تۆ بەری دەستی زەردەشتی
پەلکەزێرینەی بەهەشتی

١٩٩٥/٦/٢٥ - هانکۆ- فینلاند

--------------------------------------------------------

# کاتی خۆی ئەم هۆنراوەیە بۆ سروود نووسرا، بەڵام تۆڕی پارتخێڵە سایکسپیکۆپەرستەکان ئاسمانیان لێی تەنی و بواری بڵاوبوونەوەیان لێی گرت.

## زەردەشت وەک گەورەترین بیرمەند و فەیلەسووفی گەلانی ئاریایی و ڕۆژهەڵاتی کەونارا تەماشا دەکرێ. کۆنفوشیوسی ئێمەیە و لە ناوهێنانیدا ڕەهەندی دینیم